# خواریجەکان چۆن دەناسرێنەوە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## ڕەنج شێخانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# كيف نعرف الخوارج

« باللغة الكردية »


رنج شيخاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# خواریجەکان چۆن دەناسرێنەوە

پاش سوپاس وستایشی بێ پایانم بۆ خوای تاکو پاکو بێ هاوتا وخاوەنی بوونەوەر درود وسڵاوی خوا لەسەر پێغەمبەری خۆشەویستمان (محمد) (صلی الله علیه وسلم) ویاروياوەرانی بێت تارۆژی دوایی لە پاشاندا:

(زەیدی کوڕی وەهبی جوهەنی) کەیەکێك بوو لەئەندامانی لەشکرەکەی ئیمامی علی (خوای لێ ڕازی بێت) لەشەڕی (خەواریج) دا دەگێڕێتەوە کە ئیمامی علی (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: لە پێغەمبەرم (صلی الله علیه وسلم) بیستووە دەیفەرموو: کۆمەڵێك دەردەچن لەئوممەتەکەم، قورئان دەخوێنن قورئانخوێندنی ئێوە لەچاو قورئان خوێندنی ئەواندا هیچ نییە، وە نوێژەکانیشتان لەچاو نوێژی ئەوان هیچ نییە، ڕۆژووشتان لەچاو ڕۆژووی ئەواندا هیچ نییە، قورئان دەخوێنن

پێیانوایە قورئان لەگەڵ ئەوانە، بەڵام لەڕاستیدا لەسەرئەوانە. [ صحيح المسلم (٢ / ٧٤٨) ] .

پاشان ئیمامی علی (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : ئەو سوپایەی کە شەڕیان لەگەڵدا بکات ئەگەر دەیزانی چی خێرێکیان لای خوای گەورە بۆ دەنوسرێت ئەواتەوەکولیان دەکردە سەر کارەکەیان (واتە بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت) نیشانەی ئەو کۆمەڵە خەواریجەش ئەوەیە کە پیاوێکیان تێدایە قۆڵێکی باسکی پێوە نییە لە کۆتایی قۆڵەکەشیدا گۆیەکی وەك گۆی مەمکی پێوەیە، چەند موویەکی سپی لەسەرە.

(زیدی کوڕی وهب) دەڵێت کاتێك شەڕەکە کۆتایی پێهات و (خەواریج) ـەکان شکان، ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: بگەڕێن بەدوای پیاوە نیو قۆڵەکەدا ئەوانیش گەڕان بەڵام نەیاندۆزییەوە، پاشان ئیمامی علی (خوای لێ ڕازی بێت)

خۆی هەستا بەناو کوژراوەکاندا گەڕا، کۆمەڵێك جەنازەی بینی بەسەریەکدا کەوتبوون فەرمووی: لەسەریەکیان لابەرن، کەسەیریانکرد پیاوە نیو قۆڵەکە لەژێریاندا بەکوژراوی کەوتوە، کە ئیمامی علی (خوای لێ ڕازی بێت) پیاوەکەی بەکووژراوی بینی تەکبیری کردوو فەرمووی : خوای گەورە ڕاستی فەرمووە وە پێغەمبەرەکەشی (صلی الله علیه وسلم) بەئەمانەت هەواڵەکەی گەیاندووە.

ئا لەم کاتەدا (عوبەیدەی سەلمانی) هەستا ووتی : بە ئیمامی علی: ئەی سەرکردەی مسوڵمانان تو ئەو خوایەی کەهیچ خوایەك نییە غەیری ئەو نەبێت، تۆ ئەمەت لە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) گوێ لێ بووە) ؟ ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: ئەرێ بەو خوایەی کەهیچ خوایەک نییە غەیری ئەو نەبێت بەگوێی خۆم لە پێغەمبەرم (صلی الله علیه وسلم) بیستووە. [ صحیح المسلم (٢ / ٧٤٨) و

(البداية والنهاية) (٧ / ٢٩١) ]

هەروەها (سوەیدی کوڕی غەفلە) دەگێڕێتەوە :کە ئیمامی علی فەرموویەتی : گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو (صلی اللە علیە وسلم) دەیفەرموو :کۆمەڵێك لەئوممەتەکەم دەردەچن بەتەمەن منالْن وخەون وئاواتی بێ نرخیان هەیە وفەرموودەی پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) دەڵێنەوە وقورئان دەخوێنن بەڵام لە قوڕقوڕاگەیان تێپەڕ ناکات، چۆن تیر لەنێچیر دەردەچێت ئاوا لەدین دەردەچن، ئەگەر پێیان گەیشتن بیانکوژن، چونکە کووشتنیان لەڕۆژی قیامەت لای خوای گەورە خێرێکی زۆر گەورەی تێدایە. [ صحیح البخاری (١٢ / ٢٨٣- مع الفتح ) وصحیح مسلم (٧ / ١٦٩- مع شرح النووی)]

بەهەمان شێوە ( أبو سعیدی خودری ) خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە، ودەڵێت : کاتێك پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) دوای یەکێك لەغەزاکان دەسکەوتەکانی بەسەر

موجاهیدەکاندا دابەش دەکرد، کابرایەك کەناوی (ذو الخویصرە التمیمی) بوو هات ووتی : (إعدل یارسول اللە) واتە دادپەروەر بە ئەی پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) پێغەمبەری خواش (صلی اللە علیە وسلم) فەرمووی : ( ویلك ومن یعدل إذا لم أعدل) واتە : وەیل وتیاچوون بۆ تۆ ، جا کێ دادپەروەر ئەبێت ئەگەر من دادپەروەر نەبم.

ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : ڕێگەم بدە ئەی پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) با لەملی بدەم، پێغەمبەری خواش (صلی اللە علیە وسلم) فەرمووی: وازی لێ بێنە، ئەمە کۆمەڵێکی لەگەڵدایە هێندە نوێژکەرو ڕۆژوگرن نوێژوو ڕۆژووی خۆتان پێ هیچ نییە لەچاو نوێژو وڕۆژووی ئەواندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چۆن تیر لەنێچیر دەردەچێت ئاوا لەدین دەردەچن...

نیشانەکەشیان ئەوەیە کە پیاوێکی ڕەشیان لەگەڵدایە،

دەستێکی وەك مەمکی ئافرەت وایە یان وەك پارچەگۆشتێك وایە دەلەرێتەوە، لەکاتێکدا دەردەچن کەناکۆکی وپەرتبوون لەنێوان خەڵکداهەیە .[ رواه البخاری ومسلم، وفی صحیح مسلم (٢ / ٧٤٤ – ٧٤٥)]

ئەبو سەعیدی خودری دەفەرمووێت : شایەتی ئەدەم کە ئەمەم لەپێغەمبەری خواوە (صلی اللە علیە وسلم) بیستووە، شایەتیش ئەدەم کە ئیمامی علی کاتێك هەستا بەکووشتنییان وخۆشمی لەگەڵدابوو، ئەو پیاوەیان بەکوژراوی هێنا بەوشێوەیەی کە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) باسی کردبوو.

وە هەر ئەبو سەعیدی خودری (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: کۆمەڵێك دەرچوو لەکاتی ناکۆکییەك لەنێوان مسوڵمانانددا دەردەچن، ئەو کۆمەڵە مسوڵمانەی کەزیاتر لەحەقەوە نزیکن ئەوان دەیانکووژن [صحیح مسلم(٧ / ١٦٨ –

معشرح النووى)]

ناكۆكییەكەش مەبەست پێی ناكۆكییەكەی نێوان ئیمامی عەلی وئیمامی معاویە بوو، وەئەو كۆمەڵەش كەهەستان بەكووشتنییان كۆمەڵەكەی ئیمامی علی بوووە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە كۆمەڵەكەی ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) زیاتر لەسەر حەق بوون وەك لەكۆمەڵەكەی ئیمامی معاوییە (خوای لێ رازی بێت)، هەر چەندە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) هەردوو كۆمەڵەكەی ئیمام علی ومعاوییەی بەمسوڵمان ناو هێناوە.

پاش ئەم ڕوداوانە ولەناوبردنی خەواریجەكان سێ كەسی داخ لەدڵ لەپاشماوەی (خەواریج) ەكان كەبریتی بوون لە (عبدالرحمنی كوڕی ملجم وبەركی كوڕی عبداللە ی تەمیمی وعەمری كوڕی بەكری تەمیمی) لەگەڵ یەكتر كۆبوونەوە وبڕیاریاندا هەریەكەیان یەكێك لەسەركردەكانی ئەو كاتەی

مسوڵمانان بکوژێت وداخی دڵی خۆیان بڕژن، وەڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کەعبدالرحمنی کوڕی ملجم ئیمامی علی بکوژێت وبەرکی کوڕی عبدالله ی تەمیمیش معاوییە بکوژێت وعەمری کوڕی بەکری تەمیمیش هەستێت بەکوشتنی عەمری کوڕی عاص، کەئەو کاتە ئەمیری میصربوو، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاریاندا کاتی جێبەجێکردنی پیلانەکە بۆ تیرۆرکردنی هەرسێ سەرکردەکە کاتی نوێژی بەیانی حەڤدەی ڕەمەزان بێت، پاشان بەڕێکەوتن بەرەو (کوفەو شام ومیصر) بۆ ئەنجامدانی پیلانەکەیان، وەلەکات وڕۆژی دیاریکراودا بەرکی تەمیمی لەڕێگەی مزگەوتدا بەخەنجەرێکی ژەهراوی دای لە ئیمامی معاوییە وبریندارى کرد بەڵام ئیمامی معاوییە چاکبووەیەوە و نەمردوو بەرکی تەمیمیش گیرا وکوژرا.

عەمری کوڕی عاصیش لەمیصر بەقەدەری خوا ئەوڕۆژە نەخۆشبوو نەیتوانی بچێتە مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی

وپێشنوێژی بۆخەڵك بكات بۆیە (خارجەی كوڕی ئەبی حەبیبەی عامری) لەجێی خۆی ڕاسپارد بۆ پێشنوێژی، (عەمری تەمیمی) ش نەیزانی كە ئەوە عەمری كوڕی عاص نییە بەخەنجەرە ژەهراوییەكەی لەمیحرابەكەدا لێیداو كووشتی وخەڵكەكەش گرتیان وكوشتیانەوە.

(عبد الرحمنی كوڕی ملجم) یش لەڕێگەی مزگەوتدا فرسەتی لەئیمامی علی هێنا لە كاتێكدا كەخەڵكی خەبەر دەكردەوە بۆ نوێژی بەیانی، لەناو دەرگای مزگەوتەكەدا بەشمشێرێكی ژەهراوی دای لەسەری ئیمامی علی وسێ ڕۆژ بەبریینداری مایەوە، تا لەشەوی یەكشەممەی ڕێكەوتی نۆزدەی ڕەمەزانی ساڵی چلی كۆچی بەپلەی شەهادەت گەیشت ڕەزاو رەحمەتی خوای لێ بێت [البدایە والنهایە (٧ / ٣٢٦ -٣٣١) و الخلفاء الراشدون بین الاستخلاف والاستشهاد (٢٨٤ – ٢٩٠) ]

**بیروباوەڕی (الخوارج) :**

بیروباوەڕیان وایە کە درووستە دژی ئەو پێشەوا مسوڵمانانە ڕاپەڕن کەستەم وفیسقیان لێ دەرکەوتوە، وە بەندە بەتاوانی گەورە کافر ئەبێت وبەنەمریش لەئاگری دۆزەخ ئەمێنێتەوە، هەروەها باوە ڕیان بەشەفاعەت نییە.

براوخوشکی باوەڕدارم خوێنەری بەڕێز:

خۆ ئێستا بۆت ڕوون بوویەوە سەرەتای دروستبوونی (خەواریج) کان چۆن بوووە بەرامبەر بەکێش ڕاوەستان؟ هەر بۆیە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار بەرچاو ڕۆشن بێت و بەهەواو ئارەزووی خۆی دەقە شەرعییەکان تەفسیر نەکات چونکە ئەهلی سوننەو جەماعە ئەو کۆمەڵەن کەوا ئایەت بەئایەت یان بەفەرموودەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) یان بەووتەی صەحابە یان پیاو چاکانی پێشین لێکدەدەنەوە وە ئەهلی هەواو ئارزەوش بەدیدو بۆچونی خۆیان لێکدانەوە بۆ

دەقە شەرعییەکان دەکەن بۆیە دەبێت زۆر وور یابین؟

سەبارەت بەحوکمی خەواریجیش: شێخی ئیسلام ابن تیمیة "بەڕەحمەت بێت " دەفەرمووێت : زانایان تێکڕا کۆکن لەسەر خراپەکاری وگومڕابوونی خەواریج، هەرچەند یەك دەنگ نیین لە سەر کافر کردنییان، بگرە دووڕای جیاواز لەسەر ئەم تاقمە گوتراوە، ئەویش مەزهەبی ئیمام ئەحمەد وئیمام مالیکە، هەروەها لەمەزهەبی ئیمام شافعیش دیسان کێشە لەسەر کافر کردنییان هەیە.

لە کۆتاییدا دەڵێم بەڕاستی ئەوەزانست وزانیارییە ئەوە تێگەشتنە بۆیە ئیمامی بوخاری لە(صحیح) ە بەنرخەکەیدا دەرگایەکی کردۆتەوە ناویناوە (باب الفهم فی العلم) واتە : دەرگای تێگەشتن لەزانست، جا تێگەشتن فەزڵێکە وخوای گەورە دەیبەخشێتە ئەو کەسانەی کەخۆی بیەوێ، جا بەڕاستی خوای گەورەش خاوەنی فەزڵ وچاکەی گەورەیە وەداواکارم

لەخوای گەورە کەئەم نامیلکەیە بکاتە توێشوی دوارۆژمان ولە هەڵە وکەم وکووڕییەکانیشم خۆشبێت ووەخوایە پڕبەدڵ داوات لێدەکەم کەزیاتر سنگم فراوان بکەیت بۆ فێربوونی زانستێکی شەرعی کەسوود بەخش بێت بۆ دونیا ودوارۆژیشم (اللهم ئامین یارب العالمین)

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم